www.kurdistannet.org
28-9-2006 15:38بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# گرانی و بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخ خەڵكی سلێمانی هەراسان كردووە! ... ئامادەكردنی: ئارام سدیق

عیراق لە بارودۆخێکی نائارامدایە، شتێکی ئاساییە ئەگەر نرخی شتومەك گرانتربێت

(سلێمانی)

یەكێك لە كێشە بەردەوامەكانی هەنووكە گرانی و بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی كاڵاكانە، بەرێژەیەكی زۆر هاوڵاتیانی هەراسانكردووە. بەشێكی هۆكاری گرانبوونی نرخەكان لە بازاڕدا پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە كە كوردستانی پێدا تێدەپەڕێت. بەشێكیشی ئەو بێسەروبەرییەیە كە لەبازاڕەكانی كوردستاندا هەیە، بۆ قسەكردن لەسەر ئەو كێشەیەی زۆرێك لە خەڵكی لەسەرجەم شارەكانی كوردستان هەراسان كردووە و بەتایبەتیش ئەو گرانییە زۆرەی شاری سلێمانی لەم بەدواداچوونەدا دەمانەوێت سەرەداوەكانی ئەم كێشەیە بدۆزینەوە.

سەرەتا هاوڵاتی (ئەحمەد عەزیز) كە لەبازاڕی سەلاحەدینی شاری سلێمانی سەرقاڵی كڕینی شتومەك بوو لەبارەی گرانبوونی نرخی شتومەك لە لە بازاڕدا وتی: بەشێكی زۆری پەیوەندی بە موچەخۆربوونی خەڵكەوە هەیە و موچەش بەرزبۆتەوە بۆیە شتومەكیش بەردەوام بەرز دەبێتەوە هەروەها لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنان لە وڵاتجا كەمبۆتەوە هەر سەرف دەكرێت. ئەوەتا دەبینین هەموو شتێك هەر لە دەرەوەی وڵاتەوە دێت و خۆمان هیچ شتێك بەرهەم ناهێنین دواترئەوەشی هەمانە بەشی هیچ ناكات بۆیە نرخەكان لەسەرمان زیاد دەكات.

دواتر"سەلمان ئەكرەم" گەنجێكی فەرمانبەر و ئەویش نارەزایی خۆی دەربڕی لە گرانی ناوبازاڕ و وتی: من فەرمانبەرم موچەكەم (135. 000) هەزارە و بەڵام تەنها بەشی خۆم ناكات چونكە لە سەرەتاییترین شتەوە بیگرە گران بوو وەكو سەرچاكردن كە بە (1000) دینار بوو ئێستا بە (3000) دینارە، هەروەها لەهەرشتێكی تر كە بەكەڵكی ژیان بێت، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گەنج لە بێهودەییەكی گەورەدا بژی هەست بكات ژیانی لەم وڵاتەدا مەحاڵە. دواتر سەلمان لەمەڕ ڕێگەچارە وتی: پێیمواییە دەبێت حكومەت هەوڵی جیدی بدات بۆ دابەزاندنی نرخی شتومەك و هەموو پێداوتسیە سەرەكیەكانی هاوڵاتیان

دواتر خاتوو "ئەمیرە عەلی" لە بازاڕی دەبۆكە سەرقاڵی پۆشاك كڕین بوو و ئەویش لەبارەی هەمان كێشەوە وتی: ئەگەر بەوری سەیری شتەكان بكەین دەبینین هەندێك شت گرانبووە و هەندێكی تر گرن نەبووە، ئەو شتانە لەدەرەوەی وڵاتەوە دێن وەكو پۆشاك ئەوانە گران نەبوون بەبەراورد بە ساڵانی رابردوو، بەڵام سەوزەو میوە گرانبووە كە ئێستا لەدەرەوەی وڵات دێت ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە ساڵان بە هۆی ئەوەی خەڵك لە گوندەكاندا بوو كشتوكاڵ دەكرا، ئەمە كاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی كە ئەو میوە و سەوزانە هەرزان بن، بەڵام ئێستا گرانن.

دواتر ئەمیرە لە درێژەی قسەكانیدا لە هۆكارەكانی ئەو دیاردەیە دوا و وتی: من خۆم فەرمانبەرم و لە فرمانگەیەكی دیار كاردەكەم و پێیمواییە هۆكاری گرانی لەگەڵ ئەوەی پێشوو كە باسكرد هۆكارێكی تر كەمتەرخەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانە كە ناتوانێ كۆنترۆڵی هەندێ نرخی ناوبازاڕ بكات.

ئاری ئەرسەلان كە دوكاندارێكە لە شاری سلێمانی پێیوایە گرانی تەنها پەیوەندی بە بازرگانەكانەوە نییە و پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە كە عیراقی پێدا تێدەپەڕێت ئەو پێیوایە راستە لە خوار و ناوەڕاستی عیراق شەڕە بەڵام كاریگەری لەسەر زۆرێك لە بوارەكانی ژیان هەیە و بواری ئابووریش لە پێش هەموویانەوەیە.

دواتر ئاری وتی: ناتوانرێت لە هەنووكەدا نرخی هیچ شتێك جێگیر بكرێت چونكە باری ئەمنی وڵات نائارامە و ئەمەش ڕێگرە لە هەموو پێشكەوتنێك و هاوسەنگیەكی ئابووری.

www.kurdistannet.org

15:38 28-9-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئاسۆ تالیب ـی ئابوریناس لەبارەی گرنی نرخی شتومەکەوە لە بازارەکانی کوردستاندا وتی: بەرای من شتێکی ئاساییە ئەگەر نرخی شتومەك گرانتربێت، یان بەردەوام لە جوڵەدابێت، چونکە عیراق لە بارودۆخێکی نائارامدایە و رۆژانە دەیان ملیۆن دینار زەرەر دەکات لەو جەنگەدا و دەیان ملیۆن دیناریشی لەلایەن بەرپرسی گەندەلڕ و دزەوە بە هەدەر دەچێت، کە بەدەر لەمانە کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە وەبەرهێنان وەستاوە یان نییە، کە ئەمەش دیسان کێشەیەکی ترە بۆ عیراق. دەربارەی کوردستانیش دەبێت دڵنیابین لەوەی کە کوردستانیش لەو جۆرە کێشانە بەدەر نییە و بگرە تێکەڵییەکی زۆریش هەیە، بۆیە دیسان ئاساییە کە بارودۆخی بازاڕەکان لە ئاستێکی پێویستدا نەبێت یان ئیستقرار نەبن چونکە دۆخی ئەمنی ئیستقرار نییە تا دۆخی بازاڕ وەهابێت. ئەمە بەشێکە بەشێکی تریشی هۆی ئەوەیە کە لە کوردستاندا بەرهەمهێنان نەماوە و گوندەکان چۆلڕ بوون و بوونەتە بیابان کە دەبوایە ساڵانە واریداتێکی زۆری بۆ کوردستان هەبوایە کە بەداخەوە نییەتی. لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی ئەم هەموو ئامێرەی لەدەرەوەی وڵاتەوە دێت وەکو سەیارە مۆبایل و سەتەلایت و (DVD) و هتد کە ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دابەزینی باری ئابووری کوردستان هەیە.

لە کۆتایدا بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە و دانانی نرخ لەبازاڕدا لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە سەردانی بەڕێز "دانا ئەحمەد مەجید" مان کرد و ئەویش دەربارەی دانانی نرخ و گرانی بازاڕ وتی: ئێمە نرخی هیچ کاڵایەك دیار ناکەین تەنها ئوتێل و چێشتخانە و گۆشت نەبێت و هیچ کاڵایەکی تر نرخمان بۆ دانەناوە، بەڵام داوامان لە سەرجەم دوکاندارەکان کردووە کە نرخ لەسەر کاڵاکانیان هەڵواسن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بزانێ ئەم کاڵایە لەم دوکانەوە تا یەکێکی تر ئەگەر جیاوازی هەبێا هەستی پێبکات. هەروها ئێمە لەگەلڕ دانانی نرخدانین بۆ هیچ کاڵایەك.